# لەبەر خاتر خاڵە فوئاد مەعسوم , دەنگ دەدەم بە لیستی کچە وەزیرەکەی

## عەلی مەحمود محەمەد

مرۆڤ و ئاژەڵ جیاوازی نێوانیان تەنها قسەکردنە , وشە نەبوایە , ئەگەری ئەوە هەبوو مرۆڤیش قشپل یاخود تەپاڵە یان قەستەقولی بکردایە , نازانم ئەندامانی حیزبی کەران بەم ڕستەیە ڕازی دەبن یان نا ؟ هەرچەندە لەمەدا کەر لە مرۆڤ بە بەرەکەتترە , قەستەقولی کەر لە کوێ , گووی زلی بەرپرسی کورد لە کوێ .

ئەگەر قسەکردن نەما , ئیتر جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ بە زەرِە نامێنێت , تاکە سنووری نێوان زیرەکترین و داناترین مرۆڤ و کەرترین ئاژەڵ تەنها زمانە .

هەرچەندە بەبەغە حەیای ئەم پێناسەیەی بردووە , جاری وا هەیە وشەی وا دەڵێتەوە , بەساڵیش ئێمە مانان نایات بەسەر زمانمانا , نەك ئەو بەرپرسانەی تەنها قازانجی تەنەر و ئادرەسی لەش فرۆشەکان و ناوی خواردن و مۆدێلی سەیارە دەزانن .

ئەوە وا دوو ساڵە , کۆمەڵێك بەناو مرۆڤ نێردراون بۆ بەغدا و ناویان نراوە وەزیر و پەرلەمانتار , ئەوان بە نوێنەرایەتی مرۆڤ نێردران , وەلیٰ زۆربەیان زمان لە ناو دەمیان نییە , ئیتر نازانم ئەم ئاژەڵە دوو قاچییانە بە مرۆڤ دەژمێردرێن یان نا ؟ هەرچەندە پێناسی مرۆڤ بوون نایانگرێتەوە .

بەغدا بەوە بە ناوبانگە , کەر زیارەتیشی بکات نابێت بە هێستر , هەزار ڕەحمەت لە کەر , ئەمانیش بێ زمانەکانییان نەك نەبوون بە هیچ , نەخۆشیشیان بۆمان هێنایەوە .

خاڵە فوئاد مەعسوم ئەگەر دادوەر بم , یەك بەرپرسی کورد لە دەرەوەی زیندان ناهێڵمەوە , تەنها تۆ نەبێت , چونکە ئەوانی دی کەسیان نییە لەم چەند تاوانەی لای خوارەوە ڕزگاری بێت :

- کوشتن .
- دزی.
- پەلاماردانی ئافرەت.
- چەند ژنە.
- سیخوڕی بۆ وڵاتێکی بێگانە .
- گەندەڵی .

.......

بەڵام بەڕاستی بە زاهری شك نابەم تۆ بەشداریت لە هیچکام لەم تاوانانە کردبێت , باتنیش ئەوا سقە بە هیچ سیاسییەك نەماوە . تەنانەت شکی مخالەفەی مروریش ناکەم کردبێتت , وەلیٰ کەفالەتی ڕەعیەت و حیمایەو قافڵەی پارێزگاریت ناکەم لە حەسیرمەیدانکردنی مروری بەسزمان , باوەڕ ناکەم نەك مرۆڤ , چۆلەگەشت کوشتبێت ؟ , نەك چەك دالاستقیشت بەکارنەهێنابێت ؟ .

کێشکەی بەڕێزت لەوەدایە کە دەمان نێریت بۆ دەنگدان , نازانم چەند منداڵی دیکەت ماوە , بیانکەیت بە وەزیر یان پەرلەمانتار , ئاخر نازانم کچەکەت کە ئێستا وەزیرە , ئایا بەشداری شەڕی قەیوان ماوەتی کردووە ؟؟ , یان لە ئەنفال و نگرە سەلمان گەڕاوەتەوە ؟؟, دایکی کۆشێك شەهیدە ؟؟ , یان لە پێناو کوردایەتی بێوەژن کەوتۆتەوە ؟؟, پەتی

ئیعدام له گەردنی پچڕاوه ؟؟, یان له ئەمنه سورەكه ڕزگاركراوه ؟؟, فەرماندەی گشتی تیپی ژنان بووه ؟؟ , یان سەرپەرشتی تۆڕی ڕێكخستنەكانی شاری كردووه ؟ , تاكو ئەمڕۆ ئێمه دەنگ بدەین , كچ و خالّ و هەمزاواو ... ئێوه بكەین به وەزیر , كلك و ملكەچەكانیشتان به پەرلەمانتار .

ئەمجارەش دەنگ دەدەمەوه , له پێناو ئەوەی جوان خانەكانی دیكەشتان بكەینەوه به وەزیر و كۆمەڵێك حەیوانی نا ناتقی دیكەشتان بكەین به پەرلەمانتار .

http://www.kurdistanan.com/Nuche%20November/foad%20masoom.htm